# هەواڵ لە ڕووی ڕاستی و ناڕاستییەوە
# بە نمونەی شیعری فۆلکلۆری کوردی

ئامادەکردنی
م.ی.ڕۆکان گوریل شعیا

**2016-2017**

Se: 178455 e.mail:rokan.gawril@koyauniversity.org

7-3-2017 / holl: Taher Bakir / Time:11.30am

زۆربەی زۆری شارەزایانی ڕەوانبێژی لەسەر ئەوە کۆکن کەوا هەواڵ لە ڕووی ڕاستی و ناڕاستییەوە سێ جۆری هەیە ئەمانیش بریتیین لە

1- هەواڵی بێگومان ڕاست.

2- هەواڵی بێگومان ناڕاست.

3- هەواڵی گوماناوی (نە ڕاست و نە ناڕاست).

لە خوارەوە ئاماژە بۆ هەر یەکێکیان دەکەین و بە نموونەی شیعری فۆلکلۆری دەیانخەینە ڕوو.

## 1- هەواڵی بێگومان ڕاست:

ئەو هەواڵەیە کە پەیامەکەی سەدا سەد ڕاستەو تەواوی بەڵگە ئەقڵییەکان گەواهی ڕاستی بۆ دەدەن....بۆ نموونە:

چوار کەس لە دنیـــــا نەگەینە مراد
لەیلێ بۆ مەجنون شیرین بۆ فەرهاد

لەم دێرەدا دەبینین باس لەوە دەکات لە ناو مێژوی ئەدەبی کوردیدا ئەوە یەکلایی بۆتەوە بەوەی هەریەکە لە (لەیلێ و مەجنون، شیرین و فەرهاد) لە داستانەکانیاندا خۆشەویستییەکی پاک و بێگەرد هەبووە لە نێوانیاندا، بەڵام لە ئەنجامی هەندێ هۆکار بووەتە هۆی ئەوەی ئەمانە بە مرادی خۆیان نەگەن و سەرگەردان و ئاوارەی کێو و چیاکانی کوردستان بن، لێرەدا ئەو هەواڵە دەبینین هەواڵێکە هیچ گومانی تێدا نییە و ڕاستە تەواوی بەڵگە ئەقڵییەکان گەواهی بۆ دەدەن.

تەپ تەپ و ڕەپ ڕەپ نانەکەت ئەکەی
بە دەست و بە دەم نوێژەکەت ئەکـــەی
بەچاو تەماشـــــــای دۆستەکەت ئەکەی

## 2- هەواڵ بێگومان ناڕاست:

ئەم هەواڵەیە کە پەیامەکەی سەدا سەد ناڕاستە و تەواوی بەڵگە ئەقڵییەکان ڕەتی دەکەنەوە، واتا پەسەندی ناکەن و پێچەوانەکەی دەسەلمێنن.... بۆ نمونە:

ئەی خوا لە بەختم چەندە سیایە
بچمە سەر سیروان ئاوی لێنایە

لەم دێرەدا دەبینین کەسەکە باسی حالەتی بەختی خۆی دەکات بەوەی کە چەندە ڕەش و بێبەختە، بێزاریی و دەرد و خەم و خەفەتدا پۆشیوە بەوە باس لەوە دەکات کە ئەوەندە بەختم ڕەشە ئەگەر بچمە سەر سیروان ئاوی لێنایە، بێگومان ئەو هەواڵەی کە لەم دێڕەدا بیستمان بێگومان سەدا سەد هەواڵەکە بێگومان ناڕاستە، چونکە هەرچەند بەختی ئەو ڕەشیش بێت بۆ چونی سەر سیروان ئەگەر نەک جارێک هەزار جاریش بچێت سیروان هەر ئاوی لێدێ و وشک نابێت، کەواتە لێرەدا هەواڵەکە بێگومان ناڕاستە، چونکە بەڵگە ئەقڵییەکان ئەم هەواڵە ڕەتدەکەنەوە و پەسەندی ناکەن و پێچەوانەکەی دەسەلمێنن.

لە نمونەیەکی تردا دەڵێ:

**من دوورو تۆ دوور بەینێ ببەستین**
**بە فرمێسکی چاو جۆگە هەڵبەستین**

**بەمجۆرە دەبینین لە ئەنجامی دورکەوتنەوەی هەردوو خۆسەویست لە یەکتر جا لەبەر هەر هۆکارێک بێت، کاریگەری لەسەر هەردولا دروست بووە تاوای لێهاتووە بە دوورکەوتنەوەیان لە یەکتری بووەتە هۆی فرمێسک ڕژان و دروستبونی جۆگە، لێرەدا دەبینین بە فرمێسک ڕشتن هەرگیز ئەم شتە ڕوو نادات، بۆیە دەبینین هەموو بەڵگە ئەقڵییەکان ئەم هەواڵە بە ناڕاست دەزانن و ڕەتی دەکەنەوە، بەڵام ئەمە لە ناو ئەدەبدا هەست بەبوونی دەکرێت.**

## 3- هەواڵی گوماناوی (نە ڕاست و نە ناڕاست):

ئەو هەواڵەیە کە پەیامەکەی سەدا سەد نە ڕاستە و نە ناڕاستە، نازانرێ بەڵگەکان شایەدی بۆ دەدەن، یان ڕەتی دەکەنەوە.

بۆ نموونە:

هێزی پێم نییە، بڕۆم بـــــــەڕێ دا
چون یار نەخۆشە، کەوتوم لەجێ دا

پەیام و واتای ئەم هەواڵە سەدا سەد نە ڕاستەو نە ناڕاستە، چونکە گوزارشت لە هەستێکی لە هەستێکی کاتی دەکرێت لە لایەن کوڕەکەوە، نازانرێ چ بەڵگەیەک پشتگیری لێ بکات یان ڕەتی بکاتەوە، چونکە دەکرێ بەلای کوڕەوە شتێکی ڕاست بێت چونکە خۆشەویستەکەی نەخۆشکەوتووە و کاریگەری خراپی بەسەر کوڕەوە کردووە، هەشە بەلایەوە ناڕاستە، چونکە نەمانی هێزەکە کاتییەو دوای چەند ماوەیەک باش دەبێت و دێتەوە باری ئاسایی خۆی، بۆیە لێرەدا هەواڵەکە گوماناوییە و نە ڕاستەو نە ناڕاستە.

لە نمونەیەکی تردا هاتووە:

خۆزگە لەم دنیا، تۆیـــــــان بایێ پێم
حاشا لە بەهەشت، دۆزەخ بایێ جێم

لەم دێڕەدا دەبینین هەواڵێک یان پەیامێک ڕادەگەیەنێ بەوەی هەموو هیوا و ئاواتی کوڕەکە لەم دنیایەدا ئەوە بووە کەوا بە خۆشەویستەکەی بگات و پێی شاد بێت، جا کوڕەکە هیچ شتێکی بەلای ئەوەوە گرنگ نییە تا گەیشتۆتە بەوەی حاشای لە بەهەشت کردووە و گرنگیش نییە جێگەی دۆزەخیش بێت، تەنها خۆشەویستەکەیی و بەس، لێرەدا نازانری بەڵگەکان شایەدی بۆ ئەم حاڵە ئەدەن یان ڕەتی دەکەنەوە، کەواتە بەلای هەندێک ڕاستە بەتایبەتی ئەوانەی کە عاشقن و نوقمی عاشقێکی پاک و بێگەردن، بەلای هەندێکیش ناڕاستە، بۆیە لێرەدا هەواڵەکە گوماناوییە و نە ڕاستە و نەناڕاستە.

## دووەم: هەواڵ بەگوێرەی هەواڵپێدراو:

هەواڵ بەگوێرەی هەواڵپێدراو سێ جۆری هەیە بەوەی دەبێ هەواڵپێدراو پێویست دەبێ لە یەکێک لەو سێ بارانەدا بێت کە لە خوارەوە ئاماژەیان بۆ دەکەین:

1- هەواڵی سەرەتایی - الخبر الابتدائی.

2- هەواڵی داواکراو - الخبر الطلبی.

3- هەواڵی نکوڵلێکراو - الخبر الانکاری.

## 1- هەواڵی سەرەتایی:

ئەو هەواڵەیە هەواڵپێدراو یان گوێگر زەینی خاڵی بووە لە هەواڵەکە، لە هەمان کاتیشدا هەواڵەکە بەبێ هیچ ئامرازیکی جەختکردنەوە پێشکەس دەکری. بۆ نمونە:

جاحێڵ بە دوو شـــت ئەبـــێ دێوانە
شەقەی ماچ و مووچ، پای لووتەوانە

لە نمونەیەکی تردا هاتووە:

کەوێ ئەخوێنێ بابێ بە دوو کەو
ماچی کچ خۆشە لەدوا نیوەشەو

لێرەدا دەبینین هەواڵەکە هەواڵێکی سەرەتاییە و بەبێ هیچ ئامرازێکی جەختکردنەوە هەواڵەکەی خستۆتە ڕوو، گوێگریش بەبێ سێو دوو هەواڵەکە وەردەگرێ چونکە هەواڵپێدراو زەینی خاڵییە و زانیاری لەبارەی ئەو هەواڵە نییە.

## 2- هەواڵی داواکراو:

ئەو هەواڵەیە ئەگەر هاتوو گوێگر یان هەواڵپێدراو دوو دڵ و شکی هەبوو لە هەواڵەکە، ئەوا باش وایە هەواڵەکە بۆ ئەوەی بەباشی بگات بە گوێگر بە جەختکردنەوە پێشکەشبکرێت بۆ ئەوەی چارەسەری ئەم دوو دڵییە و شککردنە لە لای گوێگر نەمێنێت.

سوێندت بۆ بخۆم بەو قورئانە
من بەبێ تۆ مـــــــــاڵم وێرانە

لەنمونەیەکی تردا هاتووە:

شیرین و شیرن، شیرین ماڵ لە دوور
خۆ من شێتی تۆم بە خواو بە ڕەسوڵ

## 3- هەواڵی نکوڵلێکراو:

ئەو هەواڵەیە ئەگەر هاتوو گوێگر یان هەواڵپێدراو نکوڵیکرد لە هەواڵەکە، ئەوا لەو کاتەدا وا پێویست دەکات بۆ جەختکردنەوە لەسەر هەواڵەکە بە خەختکردنەوەیەک یان زیاتر بەگوێرەی پلەی نکوڵکردنەکە لە لایەنی بەهێزی و بێهێزییەوە پێشکەشبکرێ.

سوێندت بۆ دەخۆم بە خوداو بە پێغەمبەر
فەقیری خۆتم و ســـــــــایەی تۆم لەسەر

لە نمونەیەکی تردا هاتووە:

<u>جوانی</u> <u>جوانی</u> زێدە <u>جوانی</u> زۆر <u>جوانی</u>
ئاسکی شاخی و کـارمامزی کویستانی

زۆر سوپاس بۆ ئامادەبوون و گوێگرتنتان...